# گرینگ ئەوەیە چینی کرێکار باوەر بە هێزی چینایەتی خۆی بکات

**بە بۆنەی رۆژی جیهانی کریکار لە لایەن هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادەوە پەیامێک لەو رۆژەدا لە تەلەویزیونی کۆمەلەوە بلاو بۆوە کە ئەوەش دەقەکەیەتی:**

کرێکاران، خەلکی زەحمەتکێش، هاورییانی خۆشەویست!

جەژنی رۆژی جیهانی کرێکارتان لێ پیرۆز بێ، ئاواتە خوازم ساڵی داهاتوو ساڵێکی پڕلە سەرکەوتن و پڕ لە دەسکەوتی گەورە بێ، ساڵی یەکگرتوویی زیاتری ریزەکانی خەباتی کرێکاری بێت.

هەوالێکی خۆش و هیوابەخشی رۆژانی رابوردوو ئەوە بوو کە کرێکارانی پیشرەو لە کوردستان و لە سەرتاسەری ئێران بە ئیرادەیەکی یەکگرتوەوە بەرەو پیری رۆژی جیهانی کارگەرەوە چوون.

راگەیاندنی هاوبەش بۆ بەریوەبردنی رێ و رەسمەکانی ئەو رۆژە، بڕیارنامەی هاوبەش وەکوو پێداگرێکی چینایەتی لە سەر گرینگترین داخوازیەکانی ئەورۆی کرێکارانی ئێران، بڕیاری بوێرانەی بەریوە بردنی رێورەسمێك لە پارکی لالەی تاران کە بە هۆی کاردانەوەی قابیلی پیشبینی کۆماری ئیسلامی هەر چون بەرێوە بچێ، لە گرینگی بریارەکە کەم ناکاتەوە ، ئەوانە هەمویان تا ئێرە کۆمەلێك دەسکەوتن کە نیشانەی ئاستێکی بالای پوختە بوون و جێگیر بونی ئەزموونی بە نرخ لە خەباتی کرێکارانی ئێران دایە .

ئەو نمونانە نیشانمان دەدەن کە چلۆن مەیل و بۆچوونەکانی نێو بزووتنەوەی کرێکاری ئێران رێگای لێك نزیك بوونەوە و کاری هاوبەش لە پێناوی بەرژەوەندی چینایەتی گشتی دا دەدۆزنەوە و چلۆن لە ساتە وەختی حەساس و هەستیاردا ژیرانە بە کاری دێنن. ئەوە بێگومان هەر لە ئەمرۆوە دێتە خانەی دەسکەوتە گرینگە کانی چینی کرێکارەوە.

بەڵام کرێکاران بۆ ئەوەی بتوانن بێ ئەملاو و ئەولا مۆری خۆیان لە سەر ئالوگۆڕەکانی کۆمەلایەتی ئەو ولاتە دابنێن، پێویستە تواناییەکانی خۆیان لە ئاستێکی جەماوەری دا نیشان بدەن. بۆ گەیشتن بەو قوناغەش گرینگترین مەسەلە ئەوەیە کە کرێکاری ئەو ولاتە باوەڕ بە هێزی خۆ بکات.

لە گەلێك لاوە هەول دەدرێ کە ئەو باوەڕ بەخۆیە لەو چینەدا بکوژن. دەبێ هەژار و برسی و ماندوو بێ هەتا مەجالی ئەوەی نەبێ بیر لە تواناییەکانی خۆی وەکوو چینێك بکاتەوە. هەلبەت ئەوە تەنیا سەرمایەداران و دەولەت نین کە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی ئەو بڕوا بە خۆیە لە چینی کرێکاردا شکڵ نەگرێ، بەڵکو رۆشنبیرانی چینی دەسەلاتدار و دۆستانی درۆیینەی چینی کرێکاریش هەن کە بەردەوام ئەوەمان بە گوێدا دەدەن کە کوردستان ناوچەیەکی سەنعەتی نیە، کرێکار وەزنێکی کۆمەلایەتی ئەوتۆی نیە کە بتوانێ رۆژێك لە رۆژان هاوسەنگی هێزی سیاسی ئەو کۆمەلگایە بە قازانجی خەلکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئینسانی پیشکەوتنخواز بگۆرێ.

لە راستی دا کێشە ئەوەنیە کە کرێکار ئەو وەزنەی نەبێ، بەڵکو کێشە ئەوەیە کە ئەو چینە بە هۆی پرژ و بلاوی ریزەکانی هیشتا لە ئاستێکی جەماوەری دا باوەڕی بە هێزی خۆی نەهێناوە. ئەگەر کرێکاران تەنها چاو لە حەرەکەت و هەلسوکەوتی دوژمنیش بکەن تا رادەیەکی زۆر دەتوانن هیزی واقعی خۆیان بناسن.

کۆبوونەوەیەکی مەحدودی چەندسەد کرێکار لە شارێك بە بۆنەی رۆژێکی جیهانیەوە چ مەترسێکی، بۆ سەر رژیم و سەرمایەداران هەیە کە بە درێژایی ساڵ، هەوڵ دەدەن پێشی بەرێوەچوونی بگرن؟

بۆچی رژیم بەم هەمووە دام و دەزگای سەرکوتی و بەم هەمووە دەسەلاتەی کە رێکی ختسووە، نیگەرانی بەرێوەچوونی رێ ورەسمی رۆژی جیهانی کرێکارە؟ چەند رۆژ پیشتری، دەیان کەس لە هەڵسووڕاوانی کرێکاری دەگرێ وهەرەشەیان لێ دەکات بۆ ئەوەی ئەو رێ ورەسمە بەرێوە نەبەن؟

بۆچی هەولی ژومارەیەك کرێکار بۆ بەرێوەبردنی مێتینگێکی ئاسایی لەوەها رۆژیك دا بە هەولدان بۆ لە بەین بردنی "ئاسایشی نەتەوەیی" ناو لێ دەبەن؟ بۆچی رێبەرێکی کرێکاری وەکوو ئوسانلو بەبێ هیچ پاساوێك سالەها لەزیندان دا رادەگرن؟

بۆچی مەحمود سالحی بە ناحەق دەبەنە زیندان وسەرەرای ئەو هەموو ئیعترازە لە ئێران و لەجیهان، بە نەخۆشی، تا دواپین رۆژی حوکمێکی ناڕەوا کە بە سەریان دا سەپاند بوو لە زیندان دا رایدەگرن؟ ئیبراهیمی مەدەوی چ مەترسێکی بۆ سەر ئەمنیەتی ئەوان پێکهێناوە کە تەنانەت بەلگەیەکی دەسکردیش بۆ زیندانی کردنی دروست ناکەن و بە قولدوری دەیخەنە گۆشەی زیندانەوە؟

بێگۆمان ئەو کاردانەوەی رژیم بەرانبەر بە چکۆلەترین جم وجۆلی کرێکاری بێ هۆ نییە. غەریزەی چینایەتی ئەوان تیژە و مەترسییەکان زووتر هەست پێ دەکەن، ئەوان بە دورووست هەستیان بەوە کردوە کە کانیاوە بچووکەکان خەریکن تێکەڵ دەبنەوە و رووبارەکان یەك دەگرنەوە، ئەوان هەستیان بەوە کردوە کە سێلاوێکی خرۆشاو بەرێوەیە، کە دەتوانێ تەخت و بەختی دەسەلاتیان تێکەوە بپێچێ. لەم کیشمەکێشەدا هیچ لایەنێك لایەنەکەی دیکەی پێ فریو نادرێ و کارتەکانی هەر دوو لا لە روون.

رژیمی ئێران پێش هەموو کەسی دیکە هەستی بە مەترسی یەکانی پەرەسەندنی ئەو خەباتە کردوە و ئەوە گەلێك لە کێشەی ئەتۆمی و لە ناکۆکی لە گەل ئەمریکا و لەگەل دەولەتانی رۆژئاوا بەلایەوە گرینگرە و لێی نیگەرانترە. ئەسڵەن سازان یان نەسازانی لە گەل ئەمریکا لە گرەوی ئەوە دایە کە چەندە پێویستی هەیە بەوەی کە کێشەی لە گەڵ ئامریکا وەکوو بەرەکەتێك لە خزمەت دامرکاندنەوەی بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکانی ئەو ولاتەدا و لە سەرووی هەموانەوە بزووتنەوەی کرێکاری، بە کار بێنێ؟

ئەوە لێکدانەوەیەکی خۆش خەیالانە وئارەزوومەندانەی لایەنگرێکی چینی کرێکار نییە، ئەوە راستییەکی حاشا هەلنەگرە، ئەگەر وا نەبوایە رژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار نەدەبوو ئەو هەموە بەدنێوی و ریسواییە لە ئاستی جیهانی دا لە سەر گرتنی رێبەرێکی کرێکاری بۆ خۆی بکرێ.

هەڵسەنگاندنی کاردانەوەی دوژمن بەرانبەر بە هەر حەرەکەتێکی سەرەتایی چینی کرێکار نیشان دەدات کە چ هیزێك لە مەیدانی نەبەردی چینایەتی دایە کە تواناییەکانی واقعی خۆی بە تەواوی ناناسێ، بەلام دوژمن هەموو شەوێك خەون بە هەڵسان و راپەرینەوە دەبینێ.

با کوردستانی ئێران وەکوو نمونەیەك چاو لێ بکەین. قسە لە دەیان هەزار کرێکاری کەشاوەرزی هەر لەو کوردستانە ناکەم، کە بژیوی رۆژانەی خەلك بەرهەم دێنن، قسە لە سەدان هەزار کریکاری پرۆژەیی و فەسڵی و کورخانە ناکەم، کە سەرجەم کاری بینا سازی لە سەر شانی ئەوان دەسورێ. قسە لە دەیان هەزار کریکاری کارگە بچوکەکان ناکەم، قسەش لەو سەدان هەزار ئینسانە کرێکارە ناکەم کە بێکارن یان بە کاری بیکاریەوە مەشغولن و لە واقیع دا بێکاری شاراوەن .

جارێ با بەفەرز لە هەموو ئەوانە بگەرێین، کە دەزانم ئەوە فەرزێکی واقعی نیە، ئەوەش دەزانین کە کوردستانی ئیران لە بواری ئابوریەوە و بە تایبەت لە بواری خزمەت گوزاریەوە، لە زومرەی دواکەوتووترین بەشەکانی ئێرانە. با بزانین هەر لەم بوارەدا چ هێزێکی لە بن نەهاتووی کۆمەلایەتی و موئەسیر وجودی هەیە.

شارەکانی کوردستان گەورە بوونەوە . پاك و خاوێن بوون، شار مەرجی ژیانی تێدا، ئەو کارە لە سەر شانی کێیە؟ ئەر گەر بۆ ماوەی حەوتویەك ئەو کارە رابگیرێ تەسەور بکەن چ روو دەدات؟ ئاو و بەرقی شارەکان بە دەستی کێ دابین دەبێ، تەسەوری دەست لە کار کێشانەوەی ئەوانیش بکەن، ژومارەیان کەم بێ یان زۆر، کۆمەلگا لە گەل چ وەزعێك بەرەوروو دەبێ؟ نانی شار کێگەل دابینی دەکەن؟

ئەگەر ریکخراوێکی جەماوەری و کرێکاری وەها هەبێ کە بڕیار بەدەست بێ و بتوانێ ئەو هێزە لە کات و شوێنی خۆیدا بخاتە گەڕ، کێ دەتوانێ خۆی لە بەرانبەردا بگرێ؟

کەی ئەو هێزە توانای ئەوەی دەبێ کە یەك دەنگ بکەوێتە کار، ئەو رۆژە شەیپوری گۆرانی گەورەی کۆمەلایەتی لێ دەدەدرێ.

چەند ساڵ لەمەوبەر کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبوس رانی تاران مانیان گرت، رژیم ئیستاش لەرزەکەی لە دلی دایە، ئیستا شاری تاران گەورەتریش بۆتەوە و کرێکارانی میترۆشی پێ زیاد بووە.

ساڵی رابوردوو کرێکارانی نەیشەکەری هەفت تەپە لە ژێر تیغی جەلاددا مانگرتن و خۆ پیشاندانیان بەرێوە برد و بە خەباتی لێبراوانەی خۆیان دەنگی کرێکارانی ئێرانیان بە هەموو جیهان گەیاند و رژیمیشیان بەرانبەر بە بەشێك لە داخوازیەکانیان ناچار بە پاشەکشە کرد.

گرینگ ئەوەیە چینی کرێکار وەکوو یەك چینی جیاوازی کۆمەلایەتی باوەڕ بەو هێزەی خۆی بکات. گرینگی ریکخراو بوون لەوەدایە کە پێش هەموو شتێك توانایيەکانی ئەو هێزە بە خودی کریکار دەناسێنێ. بڕوا بە خۆی وەکوو چینێك تێدا دەبوژێنێتەوە.

با رۆژی کرێکار بکەین بە یەکێك لە ئامرازەکان بۆ پەروەردەکردنی ئەو بڕوا بە خۆیە.

جارێکی دیکە رۆژی جیهانی کرێکارتان لێ پیرۆز بیت و هەر شاد و سەرفەراز بن.

***